## ئامن بوونی کوردوستان، کیشەی پەنابەران!

رعد سليم

ماوەیەکە زوربەی زۆری ولاتە ئەوروپییەکان کێسی پەنابەرەکوردە عێراقیەکان رەفز دەکەنەوە بە دلیلی ئەوەی کوردوستانی عێراق ئەمن و ئاسایش تیدا بەرقەرارە، خەلکی کوردوستان ترسی ئاوارەو شەرو هەرەشەی سەدام حسین لەسەریان نەماوە.

ئەم بریارانەی دەولەتانی ئەوروپی پاش ئەو سەردانە دبلوماسیە سەرکەوتوانەی بەرپرسیارانی هەردوو حکومەتی سلیمانی و هەولێر بۆ هەندی ولاتانی ئەوروپی کردیان، وە ئەوەیان بە حکومەتانی ئەوروپی سەلماند کە کوردوستان ئاسایشە، ئازادی سیاسی بەرقەرارە ، مەر وگورگ بەیەکەوە ئاو دەخونەوە. ئیسلامی، شیوعی، سویسال دیموکراتی، کونە بەعسی و مستەشارەکان ، دیموکراتی خوازان هەموو بەسەری یەك سوێند دەخۆن. نەك دوو روژنامە بگرە سەد روژنامە لەچەشنی الپورە، الجموريە، کوردوستانی نوی، گولان،......هتد بلاودەبیتەوە. خەلکی کیشەی سیاسی نییە، خەلکی بۆ خوشی زیاتر رادەکات ،دیموکراتیەت و ئازادی لە کوردوستاندا پشتی ولاتانی ئەسکەندەنافیان شکاندوە، والیّ هات سوید بریاری دا بەشێك لە دەستگای ئا،بی،ئیف خوی بنێری بۆ کوردوستان تاکو سوود لەو ئازادی و دیموکراسیە وەربگریت کە لەویّ وجوودی هەیە بۆ ئەوەی تکەمیلەی دیموکراسیەتی پیّ بکات لە سویدا. ئەمانە پروپاگەندەکانی نوینەرانی هەردوو حوکمەتن بۆ ئاسایشی کوردوستان.

نوینەرانی هەردوو حوکمەت، کە دێنە ئەوروپا تەنها لەلایەن وەزارەتی هجرە وە پیشوازیان لیّ دەکریت ، یان ئەگەر وەفدیکی تایبەتی تریش ببینن ، ئەوا تەنها مەسەلەی کیشەی پەنابەران مەسەلەی سەرکیانە، ریکەوتنی ژیربەژیرە ئەنجام دەدەن بۆگەرانەوەی پەنابەرە کوردەکان بۆ ئەوەی پولی وەرگرن ، لەملاشەوە دەلین ئیمە لەگەل گەرانەوەی کوردەکان نیین. مالی پەنابەران ئاوەدان بیت بازاری دبلۆماسی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردوستانی گەرم کردوە.

بەلیّ هەردوو حکومەتی دیموکراتی قەلاچوالان، سەری رەش بە تەواوی لەگەل گەرانەوەی پەنابەرە کوردەکاندان، چونکە ئەوان دەلین کوردوستان هیچ کیشەیەکی تیدا نییە، بەقسەی تالەبانی ئەو ئەمن وئاسایش و دیموکراتیەتی لە سلیمانی هەیە لە ئەستەمبول و نیورك نییە. یان دلشاد بەرزانی بە حکومەتی ئەلمانی دەلیت: دەلیلمان بۆ ئەوەی کەس لە کوردوستان لەسەر کیشەی سیاسی راناکات، ئەوەیە کە هەموو پەنابەریکی کورد پاش ئەوەی ئیقامە وەردەگریت پاش مانگیگ دیتەوە بۆ کوردوستان وە ئیمە هەموو ژمارەی پاسپورەتەکانیمان لەلایە.

کام دیموکراتیەت و ئازادی لە کوردوستان ، دیموکراتیەتی بۆ ئەو حزبانەی کە بە شان وبالی هەردوو حزبی دەسەلاتدار دا هەلدەدەن، یان بەزەبری چەك و کومەکی دەولەتانی ناوچەکە خویان سەپاندوە ئەمەش لە چەشنی ئیسلامی و تورکمان. ئازادی بۆ کەسە نییە کە رەخنە بگریت، وەبلیت بەری چاوتان کلی پیێوەیە. ریگا بە روژنامەی رژیم دەدریت بەلام روژنامەی (بۆ پیشەوە) قەدەغە دەکریت، ریگا بە موکەرەم تالەبانی و ئاغای مەتەر زادە، وە جاسووەکانی تورکیا دەدریت، کەلە کوردوستاندا ئەوەی پیّان خوشە بیکەن، بەلام بۆ ریبوار احمد و کومۆنیست و کەسانی ئازادیخواز کوردوستان دەبیتە ئەرزی موحەرەمە. ریگا بە چلەی حوسینیەو علی دەدریت بەلام هەشی مارس و یەکی ئایار لە کریکاران کومونیستەکان قەدەغە دەکریت. ریگا بە گردنەوەی قوتابخانەی قورئان ، شوینی بلاوکردنەوەی جەهل وخورافات دەدریت، بەلام سنتەری پەنابەری بۆ ژنان دادەخریت. ریگا بە زورەملی حیجاب دەدریت ، بەلام جلی مەدەنی و پانتول قەدەغە دەکریت لە ژنان. لە بادینان و هەولیر ئەوەی بلیت لەل لەلی دەبرن، زیندانی ئاکری پشتی زیندانی ابوغریبی شکاندوە بۆ لەسیدارەدان و ئەشکەنجە. لە سلیمانی ئەوەی کەسەی بەیانامەی کومونیستی بەدەستەوەبیت ئەگەر

ئەندامی(ی.ن.ك)ش بیت زیندانی دەكریت. لە هەولێر چاویان بە رەنگی سەوزی بەهار هەلنایەت ، لە سلیمانی بە رەنگی پایزی زەرد.لە هەردولاش رەنگی سوور لە تلیاك قاچاغ ترە. بەدەستیان بیت ئەوهەریەكە لە بەهار و پایز لادەبەن لەهەریەكە لەو لایە.

ئەمەیە كوردوستانی ئێمە ، چەپكە گولی دەستی خوی تالەبانی مانای دیموكراسیەتە، بەشان وبالی بەرزانی دا مانای ئازادیە.

راكیشانی تەرمی نەزیر عومەر رابەری بێ كارانی ناوچەی بادینان، تیروری بەدەیەها لە كەسانی سیاسی و كومونیست و ئازادیخواز، كوشتن وقەتل وعامی بە هەزارەها لە ژنان دەلیلی ئازادی و دیموكراتیەتیە لە كوردوستان.

رژیمی بەعس لەبەرنامەی ئەو دوو حزبەدا بۆتە رژیمیكی موسالم و ئاشتیخواز، بۆیە ترسی هیرشی نەماوە بۆ كوردوستان.توركیا وئیران دوستی دیرینی گەلەكەمان بوون ، هەتانە ناوەوەی هیزەكانیان بە بەرگریە لە دەستكەوتەكانی گەلەكەمان. ئەمان دەلیلی ئامن بوونی كوردوستان دەكەن.

سوید

Raed@telia.com



©Kurdistan Net